مكتبة الهمّة
الدولة الإسلامية
ذو الحجة 1438هـ



حوكمەكانی بەیعەتی خیلافەت

چاپکراوە لە چاپخانەکانی دەوڵەتی ئیسلام

گوتراوە لەسەر کوفر، ئەمەش لەبەرئەوەی «جاهیلیەت» دەستەواژەیەکی ماوبەشە وزیاتر لە واتایەک لەخۆدەگرێت، ئەشێ واتای تاوان وسەرپێچی بگەیەنێت، هەروەک پێغەمبەر ﷺ بە ئەبو ذەری فەرموو: «تۆ کەسێکیت جاهیلیەتت تێدایە» وە ئەشێ جاهیلیەت واتای کوفر بگەیەنێت، هەروەک لەفەرموودەی حوذەیفە هاتووە «ئێمە پێشتر لەناو جاهیلیەت وکوفر بووین ئینجا الله ئەم خێرەی بۆمان هێنا کە ئێمەی تێداین» [متفق علیه].

حوکمی دەرچوون بەسەرخەلیفە:

خروج بۆسەر پێشەوای موسڵمانی دادپەروەر حەرامە بەبێ خیلاف وجیاوازی، وە هەرکەسێك خروج بکات ئەوا بانگ دەکرێت (بەڵکو بگەڕێتەوە وتەوبەبکات)، پاشان شەڕی دەکرێت، هەتا ئەوکاتەی ئەگەڕێتەوە بۆسەر گوێڕایەڵی دەسەڵاتداری موسڵمان، ئەما خروج بۆسەر حوکمڕانی کافر ئەوا خیلاف نییە لەوەی کە واجبە لەسەر هەرکەسێ توانای بەسەریدا هەبێ.

بەڵام پێشەوای فاسیق وزاڵم وستەمکار؛ ئەوا خیلافی لەسەرە لەنێو پێشینانی ئومەت، هەندێکیان واجبی کردووە بەهۆی تێکڕای فەرموودەکانی فەرمانکردن بەچاکە وڕێگریکردن لەخراپە، وە هەندێکیان نەهی لێ کردووە بەهۆی فەرموودەکانی ماوشێوەی «هەرکەسێ هەرشتێکی ناڕەوابێت ببینێت لەپێشەواکەی ئەوا با ئارامبگرێ» پاشان بۆچوونی جەماوەری ئەهلی سوننە وجاماعەت جێگیربوو لەسەر ئەوەی دەستبگیرێت بە ئارامگرتن لەسەر پێشەوای ستەمکار وقەدەغەکردنی خروج لەسەریان، ئەبو جەعفەری طەحاوی دەڵێت: "خروج بەباش نازانین لەسەر پێشەواکانمان و وەلی ئەمرەکانمان هەرچەندە ستەمکاریشبن، وبانگەواز ناکەین بۆخروجکردن لەسەریان، ودەستێک ناکشێنینەوە لەگوێڕایەڵییان، وە وایدەبینین گوێڕایەڵی ئەوان بەشێکە لەگوێڕایەڵی الله ﷻ وفەرزە، هەتا فەرمانمان پێ نەکەن بە تاوان وسەرپێچی، ودوعایان بۆ دەکەین الله چاک وساغیان بکاتەوە" [العقیدة الطحاویة].

وصلِّ اللهم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

پێناسەی بەیعەت:

ئیبن ئەثیر دەڵێت: بەیعەت بریتیە لەبەڵێن وپەیمان، وەک ئەوە وایە هەریەکێکیان هەموو شتێکی خۆی پێ فرۆشتووە، وبەدڵسۆزییەوە گیان وگوێڕایەڵی دەداتێ، هەروەها راغیب دەڵێت: بەیعەت دەدا بەدەسەڵاتدار کاتێک گرەنتی گوێڕایەڵی پێبدا، لەبەرئەوەی ملکەچی دەبێت، بەمانەش دەوترێ بەیعەت وبەیعەتدان [النهاية]، ئیبن خەلدون دەڵێت:

بەیعەت بریتیە لەپەیمان لەسەر گوێڕایەڵی، وەکو وایە بەیعەتدەر پەیمان بدات بەئەمیرەکەی بەوەی تێڕوانینی خۆی لەکاری خۆی وکاروباری موسڵمانانی پێ دەسپێرێت، ڕکابەری هیچ شتێک لەوانەی لەگەڵ ناکات [المقدمة].

ئەم بەیعەتەش کۆمەڵێ ئەرک و واجیبات دەخاتەسەر شانی ئەمیر لەوانە: کاروباری ژێردەستەکانی بباتەڕێوە لەسەر خواستی شەریعەت، هەروەک لەسەر ژێردەستەکانی واجب - بەیعەتی پێشەوای موسڵمانان پێویستە ببەسترێ لەلایەن ئەهلی (حل وعقد)ی ئومەت وە یان بە پەیمانێك لەلایەن خەلیفەوە، ئیلا مەگەر یەکێک بەشمشێر زاڵبێ بەسەریان وبیانبەزێنێت.

٢- بەیعەتدان بەپێشەوا واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێک، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: «هەرکەسێ بمرێت وهیچ بەیعەتێکی لەگەردن نەبێت ئەوا لەسەر مردنێکی جاهیلیەت مردووە» [مسلم].

٣- پێشەوای زاڵبوو بەشمشێر واجبە گوێڕایەڵی بکرێت وبەیعەتی پێ بدرێ، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێت: "هەرکەسێ بەشمشێر زاڵبێ بەسەریان هەتا ئەوکاتەی دەبێتە خەلیفە وناودەبرێ بە ئەمیری ئیمانداران، ئەوا حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێک کە ئیمانداربێت بە اللە ورۆژی دووایی کە بمێنێتەوە ونەیکات بەپێشەوای خۆی، جا ئەو پێشەوایە باش بێت یان خراپ، ئەوە ئەمیری ئیماندارانە [الأحكام السلطانية، أبو يعلى].

٤- بەیعەت بە پێشەوا هەمیشەییە وناپچڕێت هەتا پێشەوا دەمرێت یان هۆکارێکی بەسەردا بێت کە واجبی بکات لابرێ وەکو کەموکورتی لە ئاینەکەی یان کەموکورتی لە جەستەیدا [الأحكام السلطانية، الماوردي].

٥- درووست نییە پەیمانی بەیعەتی پێشەوا بدرێتە دوو پێشەوا بۆ موسڵمانان، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «ئەگەر بەیعەت درا بە دوو خەلیفە ئەوا دواهەمینیان بکوژن» [مسلم].

حوکمی پەیمان شکێن وبەیعەت هەڵوەشێن:

پەیمان شکاندن بەهەر جۆرێك بێت بریتیە لە تاوانی گەورە(کبائر) بەهۆی ئەو بەڵێنە سزایەی کە لەفەرمایشتی اللە تعالی هاتووە: {وَالَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ أُولَئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ} [الرعد: ٢٥]،واتا: {(بەڵام) ئەوانەی کە پەیمانی اللە دەشکێنن دوای ئەوەی کە پێشتر توندو تۆڵ بوو، هەرچی پەیوەندیەکیش اللە فەرمانیدا بەگەیاندنی ئەوان دەیبڕن ودەیپچڕێنن، هەروەها تۆوی فەساد وتاوان دەچێنن لە زەویدا، ئا ئەوانە نەفرەت وخەشمی (اللە)یان لەسەرە وهەروەها جێگە و ڕێگەی ناخۆش و نالەبار (لەدۆزەخدا) بۆ ئەوان هەیە}، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «چوار شت هەرکەسێ تێیدا بێت ئەوا دووڕووە، وهەرکەسێ بەشێکی تیا هەبێت ئەوا بەشێک لەدووڕوویی تێدایە هەتا ئەوکاتەی وازی لێدێنێ: ئەگەر قسەبکات درۆدەکات، وئەگەر بەڵێن بدات دەیشکێنێ، وئەگەر دادوەری بکات نادادای دەکات، وئەگەر پەیمان ببەستێ ناپاکی دەکات» [متفقٌ عليه].

ئیبن ڕەجەب لەشیکردنەوەی فەرموودەکەدا دەڵێت: "ناپاکی حەڕامە لەهەموو پەیمان بەستنێکدا لەنێوان موسڵمان وغەیری موسڵمان، هەرچەندە ئەگەر پەیمان وەرگرتووەکە کافریش بێت.. هەرچی پەیمانی نێوان موسڵمانان خۆیانە ئەوا وەفاداری بۆ پەیمانەکە پێویستترە وهەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە تاوانێکی گەورەترە کە لەهەموویان گەورەتر پەیماندان بەپێشەوایە لەلایەن شوێنکەوتووەکانیەوە" [جامع العلوم والحكم].

بەڵام بەڵێنی سزای تایبەت کە گێڕدرابێتەوە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی بەیعەت بەپێشەوای موسڵمانان، یەکێک لەوانە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «هەرکەسێ هەرشتێک لە پێشەواکەی ببینێت ولای ناخۆش بێت ئەوا با ئارامبگرێ، چونکە هەرکەسێك یەک بست لەدەسەڵاتدارەکەی خروج بکات وبمرێت ئەوا لەسەر مردنێکی جاهیلیەت مردووە» [متفقٌ عليه]، وە واتای «لەسەر مردنێکی جاهیلیەت مردووە» وەگوتراوە: واتە لەسەر تاوان وسەرپێچی وە